## بەشی دووەم

## بیریاریکردن بەسەر هێزی دۆزەخەوە
## بەرگفتووگۆخستنی بیری ژان بۆدریار لە کتێبی" "پاوەر ئینفێرنۆ" " *

**ئازاد حەمە**

### لێدانی دوو تاوەرەکە واتە لێدانی جوانکاری ئارکێتکتووری مۆدێرن

لەم بەشەدا لەئاستێ تر و لەفۆرمێ دیدا کار لەسەر ڕوونکردنەوەی بینین و شیکردنەوەکانی بۆدریار یان چاترە بلێین تەعزیەنامەکەی بۆدریار دەکەین. ئەوی بۆدریار سەبارەت بەو دوو تاوەرە لەو چەند دێڕەی سەرەوە دەیدا بەگوێمانا نە شێوەی کروزانەوەی وەرگرتوە و نەش شیوەنە بۆ ئەو دوو تاوەرە بە واتاێ ئایدیۆلۆژی بەلکو لێخوردبونەوەێ فکری جیایە لەوی لەوەوبەر لەبارەی ئەو جووتە تاوەرە ووتراوە. ئەم بۆئەوەی نووسەرایەتی بەواتا فەلسەفیەکەی بەسەر ئەم جووتە تاوەرەوە بکا دێ سەرەتا ئەو لایەنە هەندەسیە ڕووندەکاتەوە کە ئەم دوو تاوەری ڕاگرتووە و پاشانیش دێتە سەر چۆنیەتی داتەپینەکەی و ئەو یاریەش کە ئەم دوو تاوەرە تێیکەوتن کە دواتر بەمەرگیان کۆتایهات. بۆئەوەی ڕەهەندێ تر بە ڕاڤەکردنەکەی ئەم فەیلەسوفە بدەین بەپێویستی دەزانین پێشتر لوغزی ئەو جوانکاریە هەندەسیە(ئەندازیاریە) ڕوونکەینەوە کە دوو تاوەرەکە پێیناسرابوون و پاشانیش دێینە سەر دۆزی شار پاش ئەوەی ئەم دوو تاوەرەی لەسەر پانتایی دلیدا دانابوو. چونکە ئێمە پێمانوانیە کە لێدانی دوو تاوەرەکە کردەی ڕەفتارێ تیرۆریستی هەڕەمەکی و بێ ئەندێشە بێ. نەخێر بەلکو لێدانی دوو تاوەرەکە زادەی تێڕامانێ تیرۆریستیانەی گەورەیە و گەورەترین دەگەشە نەك هەر لە سێستەمی ئابووری و سیاسی گلوبال بەلکو لەو جوانکاریە ئارکێتکتووریەش کە مۆدێرنە لەگەڵ خۆی هێناویە. ئەمان بەم لێدانە تەنیا دوو تاوەرەکە هەڵناتەکێنن بەلکو ئەو هێمایەش هەرەسپێدێنن کە مۆدێرنە لە شاری نیویۆرك پێیلووتبەرزە. بۆیە نابێ ڕەفتاری تیرۆریستەکان بێباکانە ڕوونکرێتەوە و ئەوەشی کە ڕوویداوە بێئامانج و بێ سیماکرێ. بۆیە بەپێویستی دەزانین لای خوارەوە سەرەتا نەختێ سەبارەت بە ئارکتێکتووری نوێ و ئەمجار دۆزی ئەو دووتاوەرە وەك هێما بۆ ئەو قوودرەتە ڕوونکەینەوە کە نوێنەرایەتیاندەکرد و , دواتریش دێینە سەر ئەو زەبرەی هەڕەشە لە سێستەمی سیاسی و ئابووری گلوبال دەکا. دونیابینی فەلسەفیانەی بۆدریار سەبارەت بە لایەنە ئارکتێکتوور(میعمار)یەکەی دوو تاوەرەکە فرێماندەداتە ناو هەندێ تێڕامانەوە کە بەدەم گفتووگۆکردن لەسەر بینینەکانی بۆدریار بەرباسیدەخەین.

چونکە ئێمە لێدانی دوو تاوەرەکە ,وەك دوو ساختمانی ,هاوچەرخ وامانلێدەکا جیاکارێ لەنێوان ئەو کردە تیرۆریستیەی بە کۆتایهێنان بە ژیانی ئەم دوو تاوەرە کۆتای هات و ئەو کردە تیرۆریستیانەی پاشان لێرە و لەوێ سەریانهەڵدا بکەین. ئەمەش لەبەرئەوەی لێدانی دوو تاوەرەکە زادەی بیرکردنەوە و لێخودربوونەوەێ تیرۆریستانەی چڕ و بەردەوامبووە و ئامازەێکیشە لەسەر بەرنامەڕیزی و خۆئامادەکردنێ کۆلێکتیڤانە. ئەوانەی ڕوەو مانهاتان بۆ لێدانی دوو تاوەرەکە هەڵفرین تەنیا فڕۆکەوان نەبوون بەلکو کەسانێکیش بوون گەورەترین کینەیان بەرامبەر بە ئارکێتکتووری مۆدێرنی ئەمەریکی بەگشتی و دوو تاوەرەکەی شاری نیویۆرك بەتایبەتی هەبووە. ئەمانە بێئاگانەبوون لەو بزووتنەوە مۆدێرنەی ئارکێتکتووری تازەی گرتبوەوە و هەروەها ئەو بزووتنەوە جوانکاریە هەندەسیەی خۆی لە مانهاتان گرمۆلەکردبوو. ئەمانە کە پۆلێ فڕۆکەوان و تیرۆریستیش بوون لەهەمانکاتدا دەمێبوو پەییانبەوەبردبوو کە کەلەپووری ئارکێتکتووری لە ئەمەریکا جوانکاریەکانی ڕێنێسانس و مۆدێرنەی تێپەڕاندووە و خۆی وەك مندالدانی ساختمانسازی نیشاندەدا و بووشە بە هێماێ لە بازاڕی جوانکاریدا. ئەمان چەند جارێ تر ویستیان زەفەر بەو جوانکاریە لەسەر زەوی بهێنن و بەلام پاشان چەند سالێ تر سەرلەنوێ هەوەسی سەرلەبەرهەلوەشانەوەی ئەو جوانکاریەیان کەوتەسەر. ئەمەریکایەکان کە تێکڕای جوانکاریەکانی شاری نیویۆرکیان لە جەستەی پۆلاینی ئەو دوو تاوەرەدا کۆکردبوەوە بەمە قێزێ پێشوەختیان لە دلی گشت نەیارێکێ خۆیان چاندبوو. ئەو دوو تاوەرە کە دەستی لە دروستکردنی پێوەندیێ تەلیسماوی لەنێوان شار و ئیندڤید دا دروستکردبوو ئەمە بۆ فڕۆکەوانەکان هەرسنەدەبوو و بەوەش خۆشحالنەدەبوون کە دەیانبینی ژینگەی شار و پێوەندی نێوان کەس و شوێن بە جوانکاریە پۆلاینیەکەی دووتاوەرەکەوە بەندە. ئەم خۆشحالنەبوونەشیان بوو بەو هیستریا لەڕادەبەدەر دەروونیەی کۆتای بە پەشێوی و ڕاڕاییەکانیان هێنا. ئەندێشەی زانستی تیرۆریستەکان, کە ئەمەریکای ئاساییەکان دیسانەوە بەرهەمی ئەو تەکنیکە بوو کە لەئەندازەبەدەر نوێ بوو , بە قازانجی ئەمەریکا

نەگەڕایەوە و نەشکرا ئەو ئەندێشەیە ئەو مەرامە ئەهریمەنیە لەناخی تیرۆریستەکان ڕیشەکێشکا کە پێوەی دەتلانەوە.

ئەوەی ڕاستی بێ , ئەمەریکا دەمێبوو پێینابووە ناو ژینگەی ئارکێتکتتورێ تایبەتەوە و ئەوانەش کە لە ڕۆژئاوا و یان لە گشت جیهانەوە سەردانی ئەمەریکایان دەکرد لەوە دەگەیشتن کە ئەمەریکا بێ نیویۆرك و ئەویش بێ دوو تاوەرەکە ئۆقرەناگرن و بگرە بوونە بە هێماش بۆ یەکتر. شار کە بەهۆی دوو تاوەرەکەوە شوێنی بەخۆی گرتبوو و گەورەترین ماناشی بە بوونی تاك لەو شارە دابوو ببوو بە نۆکەری جوانکاریەکانی ئەو هەندەسەیەی دوو تاوەرەکەی لەسەر داڕێژرابوو. لە شارێ وەك نیویۆرك کە تاك ئەو پێوەندیەی بە شوێنەوە نەماوە بەلام جوانکاریە هێمایەکەی دوو تاوەرەکە گشتی بەدەورخۆی کۆکردبوەوە. ئەوی بە نیویۆرکدا تێپەڕیبێ قووبەکانی ئەو دوو تاوەرەی هیچ نەبێ لە شەودا دیووە ئەوەش نەك هەر بۆ گەشتووگوزارکەرەکان جوانی بەخش بوو بەلکو بۆ ئەوانەش کە ڕۆژانە لەبەرچاویانبوو. ئەوەی لە مەغزی تیرۆریستەکان دەخولایەوە ئەوە نەبوو کە لە مەغزی دانیشتوان و گەشتووگوزارکەرانی شاری نیویۆرك دەخولایەوە. ئەوان نە دەروەسی جوانکاریەکان دەهاتن و نەش چێژیان لە مانای شار و شوێن وەردەگرت. ئەمان ئەو جۆرە جوانکاریەی دوو تاوەرەکە نوێنەرایەتییاندەکرد نەك هەر پێیانهەرسنەدەبوو بگرە بەشتی پووچیشیان دەزانی.

نیویۆرك کە بوونی خۆی لەسەر بەئاسمانچوونی ئەو دوو تاوەرە ڕاگرتبوو گەورەترین زیانی لە ئارکێتکتووری شاردا. شار لە پاش سەرنانەوەی(مەرگی)ئەو دوو تاوەرە بێکەس مایەوە. خەلکی لەدوای مردنی دوو تاوەرەکە, دوو کۆرپەکەی نیویۆرك, ڕۆژانە دەچن بۆ سەردانی ئەو مرازی شەهیدانەی دوو تاوەرەکە کردیان بەهێما لەپاش خۆیان. دوو تاوەرەکەش هەروەك فرۆکەوانە تیرۆریستەکان و کارمەندەکانی ناو ژوورە ئابووریەکانی دوو تاوەرەکە شەهیدبوون. پاش ڕووداوەکان ئەمەریکایەکان خەلکەکانی خۆیان و نێتی ئەلقاعیدەش ئەندامەکانی خۆیان وەك شەهید ناونووسکرد بەلام کەس باسی لە بەشەهیدبوونی ئەو دوو تاوەرە نەکرد. دوو تاوەرەکە کە بوون بە کۆچی قوورباني ئەم لایەنە بۆماوەێ جوانکاری شاری بێدەنگکرد. ئەمان سالەها کرا بوون بە تەماشاگای جیهان و لەسەر خوانی گشت ئارکێتکتوور و گەشتووگوزارکەرێکی نیویۆرك باسدەکران. ئەم دوو تاوەرە وایانلێکرا بەوە قایلبن کە هەن و هەروەها کرایشن بەوەی دەبێ ببن. ئەمان پتر قووربانی ئەو بوون بەوەیە بوون کە کرانبوون پێی. ئەمان بەدەستی خۆیان کۆتایان بە ژیانی خۆیان نەهێنا. ئەمان هیچوەخت دەستیان نەدەچووە خوێنی خۆیان. ئەوە جیهانگیری و تیرۆریزم بوو کە ئەمەی بەسەر هێنان. ئەمان کە هیچ سوودێکیان لە بەهێمابوونی خۆیان وەرنەگرت لەکۆتایدا وەك شەهیدیش سێرنەکران. ئەمەشە چارەنووسی جوانکاری کۆمەلگەی پۆست مۆدێرن.

ئەوەی ئەوانی بەناخی مەرگدا برد بە بۆچوونی بۆدریار بەهێمابوونەکەیان بوو. ئێمە پێمانوانیە کە ئەم لایەنە مانای بۆ داڕمانەکەیان بەو شێوە جەرگبڕانە نەبووە بەلام قایلبوونی ئەمان بەوەی هەلگری ئەو هێمایە بن و دواتریش نیویۆرك بەوەی کە ئەم دوو تاوەرە لەو ئاستەدا لەکۆلبگرێ هاندەری گەورەبوون بوون لە بەگلوبالبوونیان (بەگلوبالبوونی دوو تاوەرەکە). گومانیشی ناوێ کە بە گلوبالبوونی ئەم دوو تاوەرە سەرچاوە لەو هێمایەوە وەردەگرێ کە تیرۆریستەکان پێش هەموان دیيان. کەواتە بەهێمابوونەکە کە لەپشت بەگلوبالبوونەکەوە بوو چووە خوێنیانەوە. بەلام لەپاش 1970 کانەوە شاری نیویۆرك بەتایبەت جگەلە دوو تاوەرەکە گەلێ ساختمانی سەیر و سەرنجڕاکێشی تری بەخۆوەدیووە کە لەوێنەیان نەك لەئەمەریکا بەلکو لە ئەورووپاش دەگمەنە کەچی ئەو دوو تاوەرە بەستەزمانە بوونە سووتەمەنی ئەو جەنگەی لەودی ئەتلەنتیەوە سەریهەلدا. ئەوی نیویۆرك لەم سێ دەیەی دوایدا کردی ئەوەبوو کە چۆن ئارکێتکتووری شار تاك جەمسەر و نامێژووی نیشاندا و تێکڕای ئاماژەکانی ڕاسیۆنالیزمی شارستانی ڕۆژئاواشی تیا کۆکاتەوە. مانهاتان کە ببوو بە تاقیگەێ بۆ چاندنی گشت ڕوخسارێکی بیناسازی مۆدێرنە زۆربەی توانای خۆی لە بەئاسمان بردنی دوو تاوەرەکەدا بەکاربردبوو. ڕاستە ئەوە خەونی ساختمانسازە پۆست مۆدێرنەکان نەبوو بەلام جیهانگیری لەشوێنێ دەگەڕا بیکا بە بنکەی نوێنەرایەتی خۆی ئەمەش وایکرد دوو تاوەرەکە ببن بە قووربانی ویستی ئەوانەی بەدووی دروستکردنی هێما دەگەڕان. ئەو سیاسەتەش ئارکتێکتووری مۆدێرن پیادەیدەکرد فاکتەرێ تر بوو بۆ بەهێماکردنی ئەو دووتاوەرە و بەکاربردنی مانهاتانیش بۆ ئەو مەبەستە. هەلبژاردنی مانهاتان کە پێوەندی بەڕووبەر و نشێوی شوێنەکە و ئەمجار پانتای ناوچەکەوە هەیە کارێ وایکرد باوەش بۆ ئەم دوو تاوەرە بکاتەوە. بەلام ئەوەی پێوەندی بە سیاسەتی مۆدێرنەوە هەیە لە بوونیادنانی ساختمان بەزۆری بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە دژ بە شێوازە و پتر کار لەسەر جۆرە ڕاسیۆنالیزمێ ئارکێتکتووری دەکا. ئەو هەیەجانەی لە مانهاتان گڤەی دەهات بەرهەمی لێخووردبوونەوەی مۆێرنەیە کە لەهەموو ڕووێکەوە جیهانگیری وەبەردەهێنایەوە. دوو تاوەرەکە کە بێ ئاگان لەم یاریانە, لە یاری نێوان مۆدێرنە و جیهانگیری, ئەوەبوو بەو دەردەچوون کە هەموو بەچاوخۆمان دیمان. سالەهابوو گومڕایەك لە نیویۆرك لەبواری هونەری بیناسازی بەڕێوەدەچوو کە دەستکەوتی میزاجە هونەریەکانی مۆدێرنە بوو. ڕاستە لەو پانتایەی مانهاتان سالەهایە زۆرترین ساختمان بەئاسماندەچێ و زەبەلاحترین بالاخانەی تیاجێکراوەتەوە بەلام هیچیان هێندەی دوو

تاوەرەکە نە بۆ تیرۆریستەکان هێماهەلگرن بوون نەش بۆ خودی ئەمەریکایەکان ئەوەندە جوانیبەخشبوون. ئەمان کە بەناهەق هەرەسیان هێنا و بەو بەیانیەزووە(بەکاتی نیویۆرك) داتەپان دووتاوەر نەبوون لەسەر بیرۆکەی دوانەی بەلکو دوو تاوەری یەکانی بوون. ئەم دوو تاوەرە کە نوێنەرایەتی ئەندێشەی هەندەسەی مۆدێرنەیان دەکرد ساتەوەختی خۆیان نەژیان و زوو جوانەمەرگ کران. تاوانی گەورەی ئەمان ئەوەبوو کە بێخەبەربوون لەو ئەرکەی درابووە سەرشانیان و ئەو جێیەش کە داگیریانکردبوو. ئەم دوو تاوەرە نەیاندەزانی چیدەکەن بەلام ئەوانەی خزێنرابوونە ناو ژوورە دیگیتالکراوەکانی دوو تاوەرەکەوە هەم خۆیان و هەم نەیارەکانیشیان بەباشی دەیانزانی چیدەکەن.
هەموو دەزانین جەوهەری جیهانگیری گشت شوێنێکی دادپەروەرانە گرتۆتەوە و بەرامبەر بەوەش تیرۆریزم هەولدەدا لەگشت شوێنێ ئامادەبێ و بۆیە ئاسایە لە مانهاتان سەرهەلبدا. بەتایبەت پێشتریش لەوێدا ئامادەبوونی هەبووە و کاری پەلاماریتریشی ئەنجامداوە. مەبەستی سەرەکی ئێمە لەم قسانە وەلامدانەوەی بۆدریارە کاتێ سەروتارە سەرەکیەکەی کتێبی" "پاوەڕ ئینفێرنۆ" " بەو جووتە پرسیارە دەستپێدەکا کە بۆ دوو تاوەرەکە و ئەمجار بۆ دوو تاوەرەکەی مەلبەندی بازرگانی جیهانی. ئێمە پێمانوانییە بۆدریار ئەوەندە سادەبێ بێئامانج ئەم دوو پرسیارە بوورووژێنێ. نەخێر ئەوە بۆدریار نییە ئەوە دەکا. ئەی مەسەلەکە چییە؟ لەڕاستیدا بۆدریار دەیەوێ ئەوەمان وەبیر بهێنێتەوە کە تیرۆریزم لەو شوێنە وەسەرەتاهات کە بەلێن بووە سەردەرکا. تیرۆریزم کە لەناخیدا جیهانگیری حەشارداوە لەو شوێنە جیهانیانە دەدا کە ڕەنگدانەوەی هێمای جیهانگیرین.
ئێمە ئەوەمان دەستنیشانکرد کە چۆن دوو تاوەرەکە بەبێ ئەوەی ڕاپرسینیان لەتەکدا بکرێ بوونە بە هێما بۆ تەوژمێ کە جێگای ڕەزامەندی زۆرینە نییە. ئەم لایەنەش کارێوایکردووە ئەو دووتاوەرە ببن بەوەی دواتر بوون. واتە بێ ئەوەی هیچ هووشیارێکیان لەسەر بەهێمابوونی خۆیان هەبێ کران بە جووتێ ناو کە پاشان بوەهۆی فەوتانیان. بەلام بائەوەشمان لەبیرنەچێ ئەو سێستەمە سەرمایەداریە گلوبالەی ئەم دوو تاوەرەی کرد بە قووربانی خۆی ئامادەیە چەندین هێمای ئاوا دروستکا. ئەم سێستەمە کە زۆرترین پێوەندی لەتەك دروستکردنی هێما و دواتر زیندەبەچالکردنی هەر خودی هێمادا هەیە کارێ زۆری بۆ پەخشکردنی چرکەی داکەوتی دوو تاوەرەکە کرد و ئەو مێدیا دیگیتالە زەبەلاحەش کە بەرهەمی ئەم سێستەمەیە بێ ئەو هەولە گەورانە ناژی.

### پەتای بلاوبوونەوەی زەبرووزەنگ:

## زەبرووزەنگی گلوبال(5)

نووسخە فەڕەنسیەکەی کتێبی " "**پاوەر ئینفێرنۆ-هێزی دۆزەخ**" " لەم سەروتارە و دوو سەروتاری دی پێکدێ کە ئەمانەن: " "**هێپۆتێزەکردن بەسەر تیرۆریزمەوە**" " و" " **ڕێگقیم بۆ دوو تاوەرەکە**" ". پاش بلاوبوونەوەی ئەم کتێبە" "**پاوەر ئینفێرنۆ**" " گفتوگۆکان لەبارەی بیری بۆدریار تەنیا بەوەنەوەستان تیرۆریزم بخرێتە بەر قسەکردن بەلکو بابەتی زەبرووزەنگیش بووە ماتریالی گفتووگۆکان.
ئەوەی زۆر شایانی تێڕامانە سەبارەت بەم سەروتارە ئەوەیە لەسەرەتادا بۆدریار ئەوەمان پێڕادەگەیێنێ کە تیرۆریزمی ئەمڕۆ بەرهەمی مێژووی ترادیسیۆنێ لە ئەنارکیزم (ئاژاوەگەری) , هیچگەرایی و فەنەتیزم نییە. بەلکو بەبۆچوونی ئەم ڕوناکبیرە ئەوی لەئارادایە ئەوەیە کە تیرۆریزم هاوچەرخی جیهانگیرییە. بۆیە بۆدریار بۆئەوەدەچێ بۆدەستنیشانکردنی سەرەکیترین سیفەتی تیرۆریزم گرینگە ئەنجامدانی بەلاغی ژینالۆژی جیهانگیری و دیاریکردنی خاسیەتی پێوەندی تیرۆریزم بە تایبەت(خاس) و ئونڤێرسال(گەردووناوی)ەوە. لەڕوانگەی بۆریار هاوشێوەیکردن لەنێوان زاراوەی گلوبال(جیهانگیری) و ئونڤێرسال(گەردوناوی) گومڕاکارانەیە. چونکە بۆ ئەم ئونیڤێرسالیزەیشن (گەردووناوگەری) پێوەندی بە مافی مرۆڤ , ئازادی, کولتوور و دیموکراسییەوە هەیە. هەرچی جیهانگیریە بەپێچەوانەوە لەبارەی تەکنەلۆژیا, بازاڕ, گەشتووگوزاری و زانیارییەوەیە. جیهانگیری ئەوە نیشاندەدا کە نەگۆڕە بەلام ئونیڤێرسالیزەیشن بەوەدەچێ لەدەرەوەی ڕەوتی خۆی بێ. تیرۆریزم وانیشاندەدا کە بۆسیستەمی بەهاێ دەگەڕێتەوە کە لە کۆنتێکستی مۆدێرنەی ڕۆژئاوا گەشەینەکردووە و لەناو کولتوورەکانی تریشدا بێوێنەیە. گشت کولتوورێ کە دەبێ بە ئونیڤێرسال تایبەتێتی خۆی لەدەستدەدا و دەمرێ. بەو مەرگەش کولتوورەکان تایبەتێتی و بەهای خۆیان وندەکەن. بەلام بەخۆی گشت بەهاێ ئامانجی ئەوەیە کە بەئونیڤێرسال بێ(1).
هەر لەو بارەیەوە بۆدریار ئەوەش ڕووندەکاتەوە کە ئونڤێرسالیزەیشن لەسەردەمی ڕۆشنگەرییدا بیرێ بووە کە گوزارەی لە گەشەێ بێسنوور و پێشکەوتنێ بالاکردووە. ئەمڕۆ بەپێچەوانەوە ئونیڤێرسالیزەیشن ئامانجی گەڕانە بەدووی کەمترین بەهای هاوبەشدا .ئەمڕۆ ئەمەش بەزیانی چارەنووسی مافی مرۆڤ و دیموکراسی و ئازادی

دەگەڕێتەوە. ئالێرەدا بەپێی تێگەیشتنی ئێمە بۆدریار سێرکردنی پۆستمۆدێرنانەی خۆی لەبارەی ئونفێرسالەوە بەئاشکرا بەرچاودەخا.
ئەوەی بۆدریار جەختی لەسەردەکا ئەوەیە کە ئونیڤێرسالیزەیشن بەهۆی جیهانگیرییەوە لەبەینچووە. جیهانگیری کۆتای بە بەهای ئونڤێرسالیزەیشن هێناوە. ئەمە سەرکەوتنی بیرێ دەگمەنە بەسەر بیرێ ئونڤێرسالەوە کە ئەوەش جیهانیکراوە.ئەلبەتە ئەم جیهانیکردنەش پێش هەووشتێك بازاڕ دەگرێتەوە و پاشان ئالۆگۆڕی و و گشتجۆرەکانی بەرهەم و هەروەها شەپۆلی هەمیشەیی پارەش. هەرچی لەڕووی ڕۆشنبیریشەوەیە ئەوەیە کە جیهانگیری ڕێگای دابە جۆرە تێکەلکردنێ لە نیشانە و بەها و لە فۆرمێکیش لە پۆرنۆگرافی(خەلاعی,ڕووت). بلاوکردنەوەی گلوبالانەی هەموو شتێ لەڕێگای نێتهۆرکەوە ئەمە بەخۆی پۆرنۆگرافییە. ئەوە ئاماژەیە کە جیاوازی لەنێوان گلوبال و ئونیڤێرسال دا نییە(2).
ئەم لایەنەش کارێ وادەکا بۆدریار بۆئەوەبچێ کە ئونڤێرسال جیهانگیرییە و هەروەها مافی مرۆڤ و دیموکراسی وەك هەموو بەرهەمێ گلوبالی تر, وەك هەرکالاێ تر, نەوت, سەرمایە بۆنموونە, لە خولانەوەدایە. گوازتنەوە لە ئونڤێرسالەوە بۆ گلوبال گەشەی بە هاوتاێتیێ جێگیرداوە هەروەها بەدابەشکردنێکی بێکۆتایش. ئەوەی نێوەندگیری گەڕانوەتەوە لۆکالگیری نییە بەلکو بێلۆکالی کردنە. ئەوەشی چڕبوونەوەی (کۆبوونەوە لە نێوەندێ)گەڕانوەتەوە بێنێوەندی نییە بەلکو دوورکەوتنەوەیە لە نێوەند. جیاوازی و دوورخستنەوە ئاکامی ڕووداوێ نییە بەلکو ئاکامی لۆژیکی خودی جیهانگیرییە. جیهانگیری ئامادەبوونێ گەردوونی هەیە بەلام ئەمە پێوەندی بەوە نییە کە چۆن ئونڤێرسالیزەیشن ئەم ئامادەبوونەی لەدەستداوە. ئەم ئەمەی لەئاکامی ڕەخنەی خۆیەوە لەدەستداوە. بەلام ئونیڤێرسالیتێ و تەنانەت مۆدێرنیتێش هەمیشە لەدەرەوەی گفتوگۆ ڕەسمیەکان یان هەندێ ڕەوشتی پەپولێر ئامادەبوونی خۆیان هەبووە. ئەوەی لەم حالەتەدا بۆدریار گرنگی پێدەدا ئەوەیە کە ئاوێنەکانی ئونڤێرسالیزەیشنی مۆدێرن ئەمڕۆ شکاوە. بەلام لەڕاستیدا پێدەچێ ئەوە شتێ کاتی بێ. چونکە لەبەشە شکاوەکانی ئەم ئاوێنەیە گشت جۆری تایبەت(سینگۆلێر) مکان دەژێتەوە. بەخۆی ئەمە لایەنەێ ترسناکە کە بۆدریار پەیبێبردوە.چونکە چارەنووسی مۆدێرنەی ڕۆژئاوا بەو جۆرە نییە کە پێشبینیدەکرا و جیهانگیریش لەلایەن خۆیەوە مۆدێرنەی بەرەو ئاقارێتر برد. بەلام بۆدریار لەهەمانکاتدا پێلەسەرئەوەش دادەگرێ کە, بەها ئونڤێرسالیەکان دەسەلات و ناسنامەی خۆیان لەدەستداوە و, جیهانگیریش گەشەی بە کولتوورێ هاوشێوە داوە. بەلام ئەوەی شوێنی ئونڤێرسالی گرتۆتەوە بوونیادێ تەکنیکی گلوبالی بالایە. بەلام ئەمە ئەوە ناگەێێ کە مێژوو بەختی خۆی لەسەر ئونیڤێرسالیزەیشن دانەناوە(3).
ئەوەی لەم سەروتارەدا سەیرە ئەوەیە, بۆدریار جەخت لەسەرئەوەدەکا کە واتای وەك ئازادی, دیموکراسی و مافی مرۆڤ وەك واتاهایەکی ترسناك خۆیان دەردەخەن و تەنانەت بەو تێرامانەش گەیشتووە کە ئەو واتایانە وەك تارمایی ئونڤێرسالیزەیشن دەمێنێتەوە و ئونڤێرسالیزەیشنیش بۆ بەرەوپێشەوە بردنی کولتووری کارەکتێریزەکراو بەکاردەبرێ. ئەمەش لەلایەن واتای وەك ترانسندێنس و خودگەریی, واتاگەریی, ڕیالیتێ و نوێنەرایەتییەوە بەو ئاکامە گەیشتووە. کەچی بەپێچەوانەوە ڤیژوال کولتووری گلوبالی ئەمڕۆ واتای ئونڤێرسالی بەهۆی واتای وەك شاشە, نێتهۆرك, ئیمانێنس, ژمارە و کات و شوێن سەرلەنوێ جێگیرکردۆتەوە. لە ئونڤێرسالدا شوێنێ بۆ جەستە , بۆ ڕابردوو هەبووە و تەنانەت جۆرە تێکدانێ دیالیکتیکی یان بزووتنەوەێ ڕەخنەیی هەبووە کە فۆرمی خۆیان لە زەبروزەنگێ مێژوویی و شۆڕشگێڕانەدا دۆزیوەتەوە. بۆدریار ئەمە وەك حالەتێ تێگەتیڤانە تەماشادەکا. بەلام بەبۆچوونی بۆدریار دەرکردنی ئەم نێگەتیڤیتێتە ڕەخنەییە دەرگای لە فۆرمێ تر لە زەبرووزەنگ کردەوە ئەوەش زەبووزەنگی گلوبالە. ئەم زەبرووزەنگە تازەیە لەلایەن کاریگەری تەکنیك ,کە سەرکەوتنێ زۆری بەدەستهێناوە, و هەروەها لەلایەن ڕێکخراوە هەمەکانەوە کەراکتێریزەدەکرێ. سەرباری ئەوە, زەبرووزەنگی گلوبال کۆتای بە ڕۆلی کۆمەلایەتی ڕوناکبیریش هێناوە. هەر ئەم زەبرووزەنگە کۆتای بەڕۆلی جەنگاوەریش هێنا کە پێوەندی بە ناکۆکی و زەبرووزەنگی مێژوویەوە هەیە(4).
لەمحالەتەدا بۆدریار پرسیاری ئەوەدەکا ئایا جیهانگیری قەدەرە؟ بۆ وەلامدانەوەی ئەم پرسیارەش بۆدریار بۆ ئەوەدەچێ کە هەندێ جار کولتووری ئەوانیتر لەچاو ئەوی ئەوروپا توانای هەلهاتنی لە قەدەری ئالووگۆڕی ناهاوتا هەبووە. بەلام بۆدریار لەم ڕوەوە ئەو پرسیارەشمان لێدەکا کە ئەمڕۆ چۆن دەکرێ تەماشای پێوەندی نێوان ئونیڤێرسال و گلوبال بکرێ؟ و چیش پال بەوەدەنێ جیهان ڕوو لە بێ ئیدیای بکا؟ بەلام لەهەمانکاتدا ئەوەش دەپرسێ کە چی پال بەوەوەدەنێ خەلك هەولی بەڕیالیزەکردنی ئیدیاکان بدەن؟ بەباوەڕی بۆدریار ئونڤێرسال ئیدیا بووە بەلام کاتێ کە لە گلوبالدا ڕیالیزەبووە وەك مێدیا لەناوچووە. واتە وەك مێدیا ئینتحاری کردووە و کۆتای بەخودی خۆی هێناوە. ئەگەرچی ئەمە وەلامێ زۆر پووختە بەلام زۆر بەناوەڕۆك و فەلسەفییە. چونکە مرۆڤی سەردەمی جیهانگیری ڕۆژانە زۆرترین هەنگاودەنێ بۆ بەڕیالیزەکردنی ئیدیاکان بەلام گشت ئەو هەنگاوانەی بە فەشەل مەحکوومن.

هەر لەم ڕووەوە بۆدریار دێتە سەر ئەوەش کە هیۆمانیتێ(مرۆڤایەتی) پاش مەرگی یەزدان شوێنی تەواوی بەخۆی گرت و مرۆڤیش بووە تاکە سەرچاوەێ. بەلام ئەم هیۆمانیتێیە هیچ کۆتایەکی نییە.ئێستا هیۆمانیتێ توانای خولقانی دوژمنی لەناوەوەی خۆی هەیە کە لەڕاستیدا جۆرێ لە نامرۆیێ بەرین بەرهەمدێنێ. ئەمە بەخۆی ئاماژەیە لەسەر ئەوەی کە زەبرووزەنگی گلوبال چۆن گەیشتووە (5).
بەپێی بۆچوونی بۆدریار ئەوە بەرهەمی سێستەمەکەیە(لێرەدا مەبەست سێستەمی ئابووری وسیاسی ڕۆژئاوایە) کە پاشماوەی هیچ فۆرمێ لە نێگەتیڤیتێ و تایبەتیەتی نەدۆزیوەتەوە. ئەوە زەبرووزەنگی کۆمەلگەیە کاتێ کە کۆنفلیکت یاساغە, کاتێ کە مەرگ ڕەوانییە. ئەوە زەبرووزەنگە کە کۆتای بەخودی زەبرووزەنگ دێنێ هەروەها زەبرووزەنگە کە کۆشش بۆ دامەزراندنی جیهانێ دەکا کاتێ هیچ شتێ تیایا سروشتی نییە(جەستە, سێکس, لەدایکبوون یان مەرگ). بەپێی سێرکردنی بۆدریار دەشێ زەبرووزەنگی گلوبال ناوێتریشی بۆدانرێ کە ئەوەش بۆنموونە بیمارزائی* میکرۆبی گلوبالە.
ئەم فۆرمە لە زەبرووزەنگ ڤایرۆسی یە. ئەم ڤایرۆسە بەهۆی پەتاوە بلاودەبێتەوە و بەهۆی زنجیرەێ پەرچە کرداریش بەردەوام دەبێ , هەروەها ئەمە پاشان ووردە ووردە وادەکا حەسانە و توانای مانەوەمان بڕووخێ بەلام یارییە(وازییە)کە جارێ کۆتای نەهاتووە یان باشترە بووترێ یاریەکە لێرە کۆتای نایێ. چونکە جیهانگیری سەرکەوتنی تەواوەتی بەدەستنەهێناوە. ئەلبەتە بەرامبەر بە هاوشێوەکردنی دەسەلات ناجۆرکردنی هێزەکان لەئارادایە, کە ئەوانە دژ بەیەکن. جیهانگیری و فۆرمە سیاسی و کۆمەلایەتیەکانی تەنیا بەرگری ناکرێ بەلکو لەپشت ئەوانەوە گوزارەێ نێگەتیڤی زۆریش بوونیان هەیە. هەروەها دەشێ ئەوەش بووترێ , ڕەتکردنەوەێ لەئارادایە کە تەنیا لە ڕەتکردنەوەی بوونیادی تەکنەلۆژیای گلوبال بریتی نیە بەلکو لە سێستەمی دەرونی جیهانگیریش بریتییە کە پرنسیپی یەکسایکردنی نێوان کولتوورەکان لەبەرچاودەگرێ. ئەو ڕەتکردنەوەیە پەرچەکرداریە. ئەم پەرچەکرداریە دەشکرێ ڕووی توندوتیژ و نائاسایی و ناعەقلانیش وەرگرێ. ئەمەو ئەم پەرچەکرداریە دەشێ فۆرمێ کۆلێکتیڤی ئیتنی و ئاینی و زمانەوانیش وەرگرێ. ئەلبەتە لەهەمانکاتدا ئەو پەرچەکرداریانە فۆرمی هەلچوونی ئیندڤیدوالی و دەمارگیریش وەردەگرن. ئەو پەرچەکردارییانە ڕەوتی تریش وەردەگرن کە ناوی وەك تیرۆریست و جاهیل لەخۆدەگرن. بەخۆی ئەو پەرچەکرداریە دژ بە ئونڤێرسالیتێیێ ئەبستراکتە کە ئەمەش ڕەنگدانەوەی ئەنتاگۆنیزمی(دوژمنگەرایی) ئیسلامە بەرامبەر بە بەها ڕۆژئاوایەکان. ئەمەش لەبەرئەوەی کە ئیسلام زۆرترین ناکۆکی لەگەل ئەو بەها ڕۆژئاواییانەدا هەیە. ئەم لایەنەش وایکردووە ئیسلام ببێ بە دوژمنی پلەیەکی ڕۆژئاوا(6).
کەواتە لێرەدا بۆ بۆدریار گرینگە ئێمە لەوەبگەین, ئەو کەسە کێیە سێستەمی گلوبال والێدەکا کە فەشەلبهێنێ.
بەدلنیاییەوە بۆ بۆدریار ئەو کەسە بزووتنەوەی ئەنتی جیهانگیری نییە بەلام بۆدریار دان بەوەدا دەنێ کە ئەو بزووتنەوانە(واتە لەوانە جیهانگیریی) ڕەنگە کاریگەریی سیاسیان گرینگبێ بەلام ئەو بزووتنەوانە کاریگەریی هێماییان بێبەهایە. دژەگەرایی ئەم بزووتنەوانە لەشتی ناوخۆیی زیاتر شتێ ئەوتۆ نییە کە سێستەمی دۆمینانت (زال) بەئاسانی دەتوانێ قۆرخیکا. وەلی ئەلتەرنەتیڤی پۆزەتیڤ ناتوانێ فەشەل بە سێستەمی دۆمینانت بهێنێ.
هەرچی تایبەتێتیە (سینگولاریتێیە) نە پۆزەتیڤە و نەش نێگەتیڤ. سینگولاریتێ ناشێ وەك ئەلتەرنەتیڤ سێرکرێ. ئەوانە نوێنەرایەتی نیزامێ هێمایی جیاوازدەکەن. ئەوانە پێویستیان بە سیاسەتێ ڕاستەقینە نییە.بەلکو دەکرێ زۆر باش بن یان خراپ. سینگولاریتێکان توانای خولقانی یاری خۆیان هەیە. بەلام گشت سینگولاریتێیێ توندوتیژ نییە. بۆنموونە هەندێ سینگولاریتێی زمانەوانی , هونەری یان کولتووری تاڕادەێ لاوازن.بەلام هەندێتر, لەوانە تیرۆریزم, دەکرێ توندوتیژبن. سینگولاریتێی تیرۆریزم تۆلە لە سینگولاریتێی ئەو کەلتوورانە دەکاتەوە کە نرخێ لە هێزێ گلوبالی بێ وێنە بە نەمانیان دەدەن(7).
بۆدریار لێرەدا مەبەستی ئەوەنییە کە باس لە" " خورپەی شارستانی" " بکا هەروەك ئەوەی هەندێ لە نووسەرانی ڕۆژئاوا دوای ڕووداوەکانی 11 ی 9 کەوتنەباسکردنی بەلکو لەبڕی ئەوە باس لە بەراوورکاریێ ئەنترپۆلۆژی لەنێوان کولتوورێ ئونیڤێرسالی ناجیاکارە و گشت شتێتر دا دەکا. بەپێی بینینی بۆدریاریش بێ لەڕوانگەی جیهانگیریەوە ,هەروەك فۆندەمینتالیست و گشت ئاینێ ئۆرتۆدۆکسی,گشت فۆرمێ لە جیاوازی و سینگولاریتێ کفرە. کەچی هێزی سینگولار تەنیا ئیختیاری بەستنەوە(جا ئەوە بە ویست بێ یان بە هێز) یان وێرانکردنی سێستەمی گلوبالی هەیە. پەیامی ڕۆژئاوا(ڕۆژئاوای پێشوو چونکە ئەوی ئێستا بەهای خۆی دەمێکە لەدەستداوە) بریتییە لە بەکاربردنی گشت شێوازێ بۆ ژێردەستکردنی گشت کولتوورێ ئەوەش بەدلنیایەوە بەهۆی یەکسانیکردنی کولتوور کۆتای دێ. لەحالەتی واشدا کولتوور کە بەهای خۆی لەدەستدەدا تەنیا کۆشش بۆ تۆلەسەندنەوە لە کولتوورەکانی تر دەکا. ئەمەش بەهۆی هێرشکردنە سەر کولتوورەکانی تر. ئەلبەتە بۆدریار ئەوەش دەلێ کە چۆن ڕۆژئاوا یان ئەم کولتوورە لەبەرخاتری بەرژەوەندی سیاسی و ئابووری خۆی ئەو هێرشەی کردە سەر ئەفغانستان و بەوەش ئەو شەڕانگێزیەی لەناخیابوو پیادەیکرد(8).

ئەم شەڕە ئامانجی قۆرخکردن و کۆلۆنیالکردنی ئەو بەشە درە بوو کە چ لەڕووی جوگرافی و چش لەڕووی دەروونیەوە مالی(نێچیر) نەکرابوو. ئەوەی زۆر سەرنجڕاکێشە لەمڕوەوە ئەوەیە بۆدریار پێلەسەر ئەوە دادەگرێ کە بناغەی سێستەمی گلوبال ئاکامی حەسوودیێ چڕە. ئەوەش حەسوودی کولتووریێ ناجۆر و نەناسراوە بە کولتووریێ پترناسراو, هەروەها حەسوودی سێستەمێ کە چڕی و غروری لەدەستداوە بە کولتووریێ پڕە لە چڕی, یان حوسوودی کۆمەلگەیێ کە پیرۆزی(قوودسیەت)ی لەدەستداوە بەوانەی خاوەنی فۆڕمە پیرۆزەکانن. بۆئەم سێستەمە, کە لێرەدا مەبەست سێستەمی ڕۆژئاوای دۆمینانتە-زال-, گشت پەرچەکرداریەك وەك تیرۆریستی ڤێژوال تەماشادەکرێ(9).

ئەم لایەنەش وادەکا بۆدریار ئامادەبێ گشت کاتاسترۆفێ سروشتی وەك فۆڕمێ لە تیرۆریزم تەماشاکا. ئەلبەتە زۆربەی ڕووداوە تەکنەلۆژیەکانیش, لەوانە ڕووداوی چێرنۆبێل کە لە سالی 1986 لە ئۆکراینا ڕوویدا, هەردەچێتە خانەی ئەوەوە. کەواتە بۆدریار کردە تیرۆریستی و ڕووداوە سروشتیەکان بەیەك دەشوبهێنێ. ئەمەش وەرچەرخاندنێکە لە شێوەی بینینی ڕووداوی تەکنەلۆژی کە تائێستا بەمشێوەیە ڕوونەکراوەتەوە. یان بەکورتی بلێین کەس وەك بۆدریار تەماشای ڕووداوی تەکنەلۆژی وەك دیاردەێ زەبرئامێز نەکردووە.

هەر لەمڕوەوە بۆدریار باس لەو تاقیکردنەوانەش دەکا کە لە شوێنێ وەك هیندستان یان بهۆپال ئەنجامدراون کە دەشێ وەك ڕووداوی تەکنەلۆژی یان کرداری ناعەقلانی تەماشاکرێن. بۆیە بۆدریار دەلێ, گشت کارێ یان ڕووداوێ کە ڕوودەدا دەکرێ وەك ڕووداوهایەکی تیرۆریستی تەماشاکرێ و بدرێتە پال کەسێ یان گرووپێ. کەواتە گشت شتێ کە بیریلێدەکەینەوە دەکرێ تاوان بێ تەنانەت شەڕی ساردیش یان بوومەلەرزە. ئەمەش بەبۆچوونی بۆدریار شتێ تازەنییە(10).

بەلام بۆ پتر ڕوونکردنەوەی ئەوی لەسەرەوە ووترا بۆدریار ئاماژە بۆ ئەوەشدەکا کە, لە سێستەمێکی چڕی بەیەکاچوودا ,لەشێوەی سێستەمی ڕۆژئاوا, گشت شتێ دەکرێ هەمان کاریگەریی ناجێگیری هەبێ. ئەوەی ئەم سێستەمە هەولی بۆدەدا ئەوەیە کە خۆی وەك بێ هەلە نیشاندەدا. ئەمەش بەپێی بینینی ئێمە کاتاسترۆفێ هەقیقیە و کەمتر لە کاتاسترۆفە تەکنەلۆژیەکان ترسناك نییە. وەلی بۆدریار ئاماژە بۆئەوەدەکا کە ئێمە کەوتووینەتە ناو کۆنترۆلی ڕاسیۆنالی سێستەمی ڕۆژئاواوە و خراپترین شتی ئەم سێستەمەش ئەوەیە کە خۆی بە ڕاست دەزانێ. بەپێی تێگەیشتنی بۆدریار گەر تەماشای ئەفغانستان بکەین دەبینین گشت فۆڕمەکانی دیموکراسیەت, ئازادی ڕادەربڕین ,لە مۆسیقا و تەلەفزیۆنەوە تادەگاتە توانای بینینی ڕوخساری ئافرەتێ, وابەستەیە. بەلام هاتنەناوەوەی ئەم ولاتە بۆناو شارستانی, بۆ ناو جیهانی ئازاد پەسەندکراو نیە گەر ڕێگای تر نەگرێتەبەر. ڕەهەندی ئونڤێرسالی مۆدێرنیتێ ناشێ پووچکرێتەوە. پووچکردنەوەی ئەو ڕەهەندەش پێدەچێ لەلایەن ڕۆژئاواوە بە زەبر وەلامدرێتەوە. بەلام پەسەندکردنی ئەو ڕەهەندەش هەر بە زەبر لەلایەن ئەوانەوەی دژیاتیکردنی ڕۆژئاوا لە ئەندێشەیان چەسپاوە وەلامدەدرێتەوە. ئەوەی بۆدریار لەم ڕوەوە زۆر جەختی لێدەکا ئەوەیە کە لەڕوانگەی ڕۆژئاواوە بوونی بیرکردنەوەی تر یان تایبەت تاوانە گەر لە بیرکردنەوەی مۆدێرنیتێ نەچێ کە ئەم بیرکردنەوەیە سەرچاوەێ ڕوونی باشە یان ئیدیالە لەسەر سروشتی مرۆڤ(11). بەلام بۆدریار ئەوەش بەتاوان ئەزانێ کە ئونیڤێرسالیتێ بەگومانەوە بەهاکاتمانی لەلایەن چەند ئیندڤیدوالێ دۆزیوەتەوە. ئالێرەدا بۆدریار تەنیا ڕەخنە لە بەهاکان ناگرێ بەلکو لەو دۆزەرەوە ئیندڤیدوالانەش دەگرێ کە ئەم بەهایانەیان دۆزیوەتەوە. ئەم خالە نەك مانایێ زۆری بۆ سەرجەم شیکردنەوەکەی بۆدریار بۆ جیهانگیری و زەبرووزەنگ هەیە بەلکو ماهیەتی ئەو فەلسەفەیەش ڕووندەکاتەوە کە بۆدریار کاری لەسەردەکا.

بەبۆچوونی بۆدریار بۆئەوەی لە ڕقی ئەو بەشەی جیهان کە ڕۆژئاوا نییە لە ڕۆژئاوا بگەین دەبێ تێکڕای دیدەکان هەلگەڕێندرێتەوە. ڕقی خەلکی ناڕۆژئاوایی لەسەر ئەو بناغەیە دانەمەزراوە کە ڕۆژئاوا گشت شتێکی لێیان دزیووە و هیچ کات شتێکی نەگەڕانوەتەوە. بەلکو ئەو ڕقە لەسەر ئەو بناغەیە دامەزراوە کە گشت شتێکی وەرگرتووە بەلام هەرگیز ڕێگای بەگەڕانەوەی هیچ شتێ نەداوە. ئەم ڕقە بەرهەمی چەوسانەوە و بێبەریکردن نییە بەلکو بەرهەمی زەلیلکردنە. ئەم جۆرە ڕقەش ئەو جۆرە ڕقەیە کە دەکرێ بووترێ هێرشی تیرۆریستی 11 ی سێپتەمبەر ڕووندەکاتە. ئەمانە کردەی زەلیلیێکن کە وەلامی زەلیلی تر دەداتەوە. خراپتر لەوەش دەشێ ڕووبدا ئەوەیە کە هێزی گلوبال نەك پەلاماردرێ یان وێرانکرێ بەلکو وایلێکرێ کە زەلالەت بچێژێ. کەواتە ئەوی ڕوویدا لە 11 ی سێپتەمبەری 2001 دا دەشێ ناونرێ زەلالەت بەرامبەر بە زەلالەت(12).

کەواتە بەپێی ڕوانینی بۆدریار هێزی گلوبال زەلیلی 11 ی سێپتەمبەرە. چونکە تیرۆریستەکان سزای سێستەمی گلوبالیان دا. ئەم جۆرە سزادانەش لەلایەن دژەکانی سێستەمەوە بەجۆرێ درا کە ناشێ لەلایەن سێستەمەوە بەو شێوەیە بدرێتەوە. لێرەدا مەبەستی بۆدریار ئەوەیە کە ئەوەی کرا لەلایەن ڕۆژئاواوە یان سێستەمەوە ناشێ وەك خۆی وەلامبدرێتەوە. ئەمەش هەر دیسانەوە پێوەندی بەو لایەنەشەوە هەیە کە بۆدریار باسیکرد کاتێ زەلالەت بە

زەلالەت وەلادەدرێتەوە.واتە ئەو زەلیلیەی دەرەوەی ڕۆژئاوا بەدەست ڕۆژئاواوە چەشتوویەتی نە وەك خۆی وەلامدرایەوە و نەش ڕۆژئاوا دەتوانێ زەلالەتەکە خۆی ئاسا وەلامداتەوە(13).
بەبۆچونی بۆدریار ئەو هێرشە سەربازیەش کە لەپاش ڕووداوەکان هێزی گلوبال ئەنجامیدا تەنیا وەلامێ دەروونی بوو. ئەو جەنگەش کە هێزی گلوبال بەرپایکرد وەلام بوو بۆ هێرشێ نەك بۆ هەلاوگۆڕانێ هێمایی. هەلاگۆڕانی هێمایی ئەوەبوو کە لە سێپتەمبەر ڕوویدا کە ناشێ هەمانشت بکرێتەوە. بەبۆچوونی بۆدریار ئەوەی ڕوویدا, واتە هەلاوگۆڕانە هێمایەکە, ناکرێ بە بۆمبابارانکردنی ئەوانیتر و زینداانیکردنیان لە گوانتەنامۆ وەلامدرێتەوە(14).
لەژێرسایەی ئەم بۆچوونانەش و پاش ئەوەی هەموو بەچاوی خۆمان دیمان چۆن تیرۆیستەکان لاشەکانیان لە هەوادا توایەوە بۆدریار باس لەوەش دەکا کە یەزدان بۆ دۆزینەوەی شوێنێ بۆ قووربانی بەکاردەبرێ. گەڕانەوەی هەمیشەش بۆ یەزدان شیاوی خۆی هەیە و لەژێرناوی قووربانیش هەمیشە دەشێ شتکرێ.بەلام گشت فۆڕمەکانی قووربانیدان بێکەلککراوە. ئەوەی جێگای ئەوەی گرتۆتەوە جۆرە قووربانیدانێکە کە گالتەجارانەیە کە بەخۆی شوێنی گشت قووربانیدانێکی هاوچەرخی گرتۆتەوە(15).

## درز لە تێگەیشتنەکان سەبارەت بە زەبرووزەنگ

ئەوی لایسەرەوە بەرباسمانخست ئەو بۆچوونە سەرەکیانە بوو کە بۆدریار سەبارەت بە دیاردەی زەبرووزەنگ لە سەروتارە تایبەتەکەی لەبارەی " "زەبرووزەنگی گلوبال" " کە بەشێکە لە کتێبی" "پاوەر ئینفێرنۆ" " بەرباسیدەخا. بەبەر بەرباسخستنی ناوەڕۆکی تێما بناغەییەکانی سەروتارەکە هەولیشماندا گەلێ لایەنی ئەو تێمایە ڕوونکەینەوە. بەلام لەم پەڕەگرافەدا کۆششدەکەین گفتووگۆی ئەو ڕوانینانە بکەین کە دیاردەی زەبرووزەنگ لەو سەروتارەی بۆدریار دا تیرۆریزم ئاسا بەرتوێژینەوە دەخا. چونکە بۆدریار نە پسپۆرە لەبواری زەبرووزەنگ و تیرۆریزم و نەش نووسەرێ ئایدیۆلۆژییە بەلکو بۆدریار بیریارێ یاخییە و دژ بە سێستەمی بەرخۆری ڕۆژئاوا و گشت فۆڕمەکانی جەنگەیشە.
بۆدریار لەم سەروتارە لەهەمان ئەو چوارچێوە فکری و فەلسەفیەدا باس لە زەبرووزەنگ دەکا کە تیرۆریزمی لە نووسینەکانی تری بەرباسخستووە. چونکە تیرۆریزم و زەبرووزەنگ یەك پەیام و هەمان ماهیەتیان هەیە. ئەم زەبرووزەنگەی بۆدریار بە شیکردنەوەیەوە سەرقالە لە جیهانا لەپاش ڕووداوەکانی 11 ی سێپتەمبەرەوە زۆر دڕندانە گەشەیکرد و زۆر زووش گلوبال بوو. پاشان هەر ئەم جۆرە زەبرووزەنگە لەچاو ئەو زەبرووزەنگەی پێشتر لێرە و لەوێ لە دونیادا پیادەدەکرا فۆڕمێ تەواو جیاواز و گۆڕاوی هەیە. بۆدریار لە شیکردنەوەکەیدا نە کار بۆ جیاوازیکردن لەنێوان زەبرووزەنگ و تیرۆریزم دەکا و نەش مێژووی پەرەسەندنی زەبرووزەنگ بەرباسدەخا و تەنانەت جیاوازی لەنێوان فۆڕمەکانی زەرووەزەنگیشدا ناکا. بۆدریار تەماشای زەبرووزەنگ وەك دیاردەێ گلوبال دەکا و دواتر تاوانی بەگلوبالبوونی ئەو زەبرووزەنگەش دەخاتە ئەستۆی پرۆسەی جیهانگیرییەوە. ئێمە تاڕادەێ هاوبیرین لەتەك بۆدریار و گومان لەوەناکەین کە گەشەی دیاردەی زەبرووزەنگ و تەنانەت تیرۆریزمیش نەکەوێتە ئۆبالی پرۆسەی جیهانگیریەوە. بەلام بۆدریار وەك بیریارێ ڕۆژئاوای گەلێ لە تەماشاکردنەکانی سەبارەت بە زەبرووزەنگ و تیرۆریزم پێوەندی ئەوانەش بە پرۆسەی نەشونمای جیهانگیریی پێویستی بە پەرەپێدان و بەرەوپێشەوەبردنە. چونکە بۆدریار ئەوەندە لە ووردەکاریەکانی دەسەلاتی سیاسی لە ولاتانی جیهانی عەرەبی بەئاگا نییە و یان هەستی سیاسی و تێگەیشتنی فەلسەفەی سیاسیانەی بۆدریار زۆر ڕێگای بەم بیریارە نەداوە بچێتە قوولایی میکانیزمەکانی دەسەلاتی سیاسی لەو ولاتانەی ئەمڕۆ بوونە بە پالپشتی بیرۆکە نەخۆشەکانی تیرۆریزم. چونکە بۆدریار بەهیچ جۆرێ نەچۆتە ناو باسی لێکدانەوەی ئەو ناحەزی و دوژمنگەراییەی لە ولاتانی جیهانی عەرەبی ئیسلامیدا ڕۆژانە لە گەشەکردندایە و هەروەها بەهیچ شێوەێ خۆی لە قەرەی ئەو پەروەردە سیاسیە هەلە و چەواشانەشنەداوە کە دەسەلاتە سیاسیە دیسپۆتیستیەکانی ولاتانی جیهانی عەرەبی بۆ خولقانی هاولاتیانێ نابینا و کەمئەندامی فکری پیادەیدەکەن. چونکە ئەو شێوەکارکردنە سیاسیانەیەی دەسەلاتی سیاسی لەو ولاتانەی ناومانهێنان بەرپرسیارە بەرامبەر بەو دوژمنگەراییە کوێرانە و بێبناغەیەی لەناو خەلك لەوێ ڕۆژانە سەوزدەبێ. لەڕاستیدا دەبێ لێرەدا ئەوەش بلێین کە دەسەلاتی سیاسی لەولاتانی جیهانی عەرەبی ئیسلامی لە مێژووی کۆن و تازەی خۆی سەبارەت بە کولتووری شارستانی ڕۆژئاوا هەمیشە ڕەفتارێ دوانەی هیچگەرایانەی پیادەکردوە, لەسەرەوە هاوکۆك و دۆستێ بێدەنگی ڕۆژئاوا بووە و لەژێرەوەش هەمیشە دژ و ناحەزی ئاین و بیرزای ڕۆژئاوا بووە. لەسەردەمی نوێشدا و پاش دروستبوونی دەولەتی ئیسرائیل, کە لەڕۆژی دروستبوونیەوە سیاسەتێ هیچگەرا و ڕقئامێز سەبارەت بە کولتوور و ئاینی ولاتانی عەرەبی پڕاکتیزەکردووە, ئەو دوانیەی دەسەلاتی سیاسی لە ولاتانی عەرەبی پیادەیدەکا بووە بە ڕۆحی ئایدیۆلۆژی ئەو وتارە ناسۆنالییەی ڕابەرانی سیاسی لەم ولاتانە بەرهەمیانهێناوە. ئەو هاولاتیە تازەیەش ئەمڕۆ لە قاهیرە و بەیروت و ریاز و بەغدا بۆنموونە

دەژی بیرکردنەوە و تەماشاکردنەکانی هەمووی بەرهەمی ئەو دوانییەیە کە پتر لە سەدەیەکە سێستەمی فکری و سیاسی لەم ولاتانەدا کاریلەسەردەکرێ. ئەم لایەنانە و گەلێ دیاردەی تر کە ڕۆژانە لەو ولاتانە لە خۆ دووبارەکردنەوەدان نەبوونە بە جێی سەرنجی بۆدریار و ئەو بایەخەشی بۆ توێژنەوەکەی سەبارەت بە هۆی سەرهەلدانی ئەو دوو جۆرە دیاردەیەی هەردوو کتێبەکەی بۆدریار لەبارەیەوە دەدوێ.

بەلام بەهیچ جۆرێ ناشێ گومانلەوەکرێ کە گفتووگۆکانی بۆدریار لەبارەی تیرۆریزم گفتووگۆش نییە لەسەر سیاسەتی جیهانی. بۆدریار ئەو توانایەی تێدایە ئەوەبکا چونکە نووسینەکانی سالانی 1980کانی ئاماژەیە لەسەر ئەوە و پاشان لەدوای کتێبی " "**ئەمەریکا**" " کەشیەوە بە چاکی خۆی بەو لایەنانەوە سەرقالکردووە کە خاسلەتی سەرەکی کۆمەلگەی ئەمەریکی تازەن و هەروەها ئەو سێستەمە ئابووریە گلوبالەش کە هەر لەم کۆمەلگەیەوە سەرچاوە هەلدەگرێ. بەواتاێ تر شێوەی بیریاریکردنەکەی بۆدریار زۆر ڕۆژئاوایانەیە و زۆر بەوردیش چووەتە قولایی ئەو سێستەمە سیاسیەی شارستانی ڕۆژئاوا بوونیادیناوە. بەلام لەهەمانئاستدا ئەو ووردەکاریانە بەکارنابا بۆ ناسینەوەی کۆمەلگەکانی دەرەوەی ڕۆژئاوا کە بەخۆی ئەو کۆمەلگەیانە ئەو کۆمەلگەیانەن کە لەلایەن ولاتانی ڕۆژئاواوە بەوە تاوانباردەکرێن کە مۆلگەی تیرۆر و زەبرن و لە تێکدانی ئاسایشی ولاتانی ڕۆژئاواش بەرپرسیارن.

ئێمە پێمانوایە چەند دڕی ئابووری و کولتووری ڕۆژئاوا شایانی شیکردنەوەیە ئەوەندەش هەلەکانی پەروەردەی سیاسی و ئایدیۆلۆژی ولاتانی دەرەوەی ڕۆژئاوا شایانی ئەوەیە. بۆدەبێ ڕۆژئاوا بەوە تاوانبارکرێ کە بەرپرسیارە بەرامبەر بە گشت پاشکەوتووی کولتووری و وێرانی ئابووری و پەروەردەی لە ولاتانی غەیرە ڕۆژئاوادا لەکاتێکدا ڕژێمەکانی ئەو ولاتە غەیرە ڕۆژئاوایانە زۆرترین داهێنانیان لەبواری دیسپۆتیزمی سیاسی و میراتگری دەسەلات و بەکەلاوەکردنی ولاتدا کردووە. ئەوە چ ئیدیایەکە کە پێیوایە لێدانی ڕۆژئاوا دەبێ بە بناغە بۆ دارمانی سیستەمەسیاسیە زۆرداریەکانی ولاتانی دەرەوەی ڕۆژئاوا. ئەوەتا خودی ئەو ولاتانەی پێیدەلێن ولاتانی جیهانی عەرەبی-ئیسلامی لەتەك ڕۆژئاوا لە زۆرترین سازشی سیاسیدان ئەمەش تەنیا لەپێناوی مانەوەی ئەو خێزانە سیاسیانەی کە پاش نەمانی کۆلۆنیالیزم لەم ناوچانە هاتۆتە دونیا. دواتر بۆ دەبێ هەندێ پێیوابێ کە ڕۆژئاوا نایەوێ قارەمانی سیاسی یان ڕابەری بێوێنە لەو ولاتانەی ناومانهێنا هەبێ لەکاتێکدا ئەو فارەمانە یان ڕابەرە سیاسیانە گەورەترین دەستدرێژیان کردۆتە سەر هاولاتیانی خۆیانن. ئێمە لێرەدا نە پاساودان بۆ ئەهریمەنی سیاسی شارستانی ڕۆژئاوا دەکەین و نەش دەخوازین بەو بیرۆکە ساویلکانە قەناعەتبهێنین کە خۆیان لەسەر بوونیادێ ناڕاسیۆنالی و نابینا بوونیاددەنێن. ڕاستە شارستانی ڕۆژئاوا بەرپرسیارە بەرامبەر بە گەلێ لەو دوالیزمانەی لە شارستانی مرۆڤایەتیدا خۆی حەشارناوە بەلام لە کۆمەلگە و کولتوورەکانی دەرەوەی ڕۆژئاوا چەند کار بۆ قەلاچۆکردنی ئەو دوالیزمانە نراوە ئاشکرا نییە.

سەرباری ئەوی ووتمان لێرەدا ئەوەش دەلێین , بۆدریار لە ڕوونکردنەوەکانی بۆ دووتاوەرەکە ئەیەوێ ئەوەمان بۆ ڕوونکاتەوە کە تیرۆریستەکان بەلێدانی ئەو جووتە تاوەرە ئامانجێکیان پێکا. پێکانی ئەم ئامانجەش شکۆداری سێستەمی گلوبالی لەکەدارکرد. بوونی ئەمەریکاش بە هێمای بۆ گلوبالیتێ وایکرد ئەو هێرشەی بکرێتەسەر.چونکە ئەمەریکا نەك هەر نوێنەرایەتی ئەو سێستەمە دەکا بەلکو بەرهەمهێنەری ڕۆحی ئەو سێستەمەشە. ناشێ لەبیریشمانچێ کە بوونی ئەمەریکا بە دالدەی تەکنیکی نوێ یان ئەوەی پێیدەلێن دیگیتال وایلێکردووە نەك لەگشت ولاتانی تری ڕۆژئاوا بەرچاویتربێ بەلکو بشبێ بە شوێنی تێڕامانی گشت ئەوانەی ناحەزێکیان لەتەك شارستانی نوێی ڕۆژئاوا هەیە. با ئەوەش لەبیرنەکەین ئەمەریکای ئەمڕۆ نوێنەرایەتی تەنیا شارستانی ڕۆژئاوا ناکا بەلکو نوێنەرایەتی گشت بوونی مرۆڤایەتیش دەکا. مەگەر کولتتوری نێت, یان تەکنەلۆژیای زانیاری تازە ڕێگایەك نییە بۆ یەکسانیکردنی هەموو لەبەردەم زانینی و زانیاریێ تەکنیکی نوێ کە تەنیا سەرچاوەیەکی هەیە کە ئەوەش ئەمەریکاییە. ڕاستە لەم ڕووەوە گەلێ شوێن لەتەك ئەمەریکا لە پێشبڕکێدایە هیچ دوور ناڕۆین یابان و ولاتانێ وەك فەڕەنسا و ئەلەمانیا و بەریتانیا لە ڕۆژئاوا بەلام ئەمە هیچ ئەو مانایە لاوازناکا کە لە تێگەیشتنی زۆرینەدا خۆی بەرجەستەکردووە کە پرۆسەی بەئەمەریکایکردن گشت سەر زەمینی گرتۆتەوە. مەگەر دێریدا پێش مردنی (لەدەموەختی لێدانی عێراق لە ئاداری 2003) لەتەك هابرماز بەیاننامەیەکیان دەرنەکرد دژ بە جەنگ و پشتگیریکردن لەوەی کە ئەوروپا ببێ بە هێزێ گلوبال بەرامبەر بە هێزی گلوبالی ئەمەریکی کە دواتر چەند کەسانێ تریش لەوانە ڕێکارد ڕۆرتی دەنگیان خستەپالی. بەباوەڕی ئێمە ئەم جۆرە بیرکردنەوە فەلسەفیە سیاسیانەیە لەناوجەرگەی ڕۆژئاوا هەر دەمێنێتەوە و ڕەنگە بیرۆکەی دیشی لێبڕسکێ و یان پێبلکێندرێ کە ماهیەتی سەرەکیشیان ئەوەیە کە چۆن ڕۆژئاوا خۆی لە پەتای کولتووری ئەمەریکی پاککاتەوە.

بەلام ئەوەی لێرەدا شوێنی پتر قسەکردنە مەسەلەی ئەو زەبرووزەنگەیە کە لەئاکامی لێدانی دوو تاوەرەکە لەدایکبوو. ڕاستە زەبرووزەنگ لە شارستانی ڕۆژئاوا بە تایبەت و لە شارستانی مرۆڤایەتیش بەگشتی هەمیشە گۆڕەپانی بۆ پیادەکردنی خۆی دۆزیوەتەوە بەلام نەك لەم فۆڕمە خوێنئامێزی و ڕقخوازیەی ئێستا. ئەوەی ئێمە لێرەدا دەخوازین پێیلەسەرداگرین ئەوەیە کە زەبرووزەنگ بەو شێوەیەی بۆدریار باسیلێوەدەکا داوای ڕوناکبیریێ

سیاسی وشك و ڕەفمان لێناكا بەلكو داوای زانینێ فەلسەفی سیاسیانەمان لێدەكا كە ناشێ و ناكرێ زەبرووزەنگ لە چەند كردەێ تیرۆریستی دا كورت و بچووككرێتەوە. چونكە نە زەبرووزەنگی پاش لێدانی دوو تاوەرەكە زەبرووزەنگێ ئاسای بێ فكر و بێ ناوەڕۆكە و نەش بەرانگاربوونەوەكەی لەئاستێ سەربازی كلاسیكدا خۆی دەبینێتەوە. ئەمڕۆ ئەو زەبرووزەنگەی لەلایەن تیرۆریستانەوە پیادەدەكرێ فكر و عەقیدەێ تیۆلۆژی نەخۆشیئامێزی لەخۆ حەشارداوە كە گەورەترین گرفتی دەروونی و ڕۆحی لەو ناوچانە دەخاتەوە كە زەبرووزەنگی ئالەو شێوەیەی تیاسەوزدەبێ. ئەلبەتە ئەو بەرەنگاربوونەوەیەش كە زەبرووزەنگ دووچاریدەبێتەوە زۆرترین ناحەزی و ڕق بەرهەمدێنێ نەك هەر بەرامبەر بەوەی پێیدەلێن ڕۆژئاوا یان ئەمەریكا بەلكو بەرامبەر هەموو ئەوەش كە ناودەنرێ تازەگەری جا ئەوە تازەگەریی لە شێوازی ژیان بێ یاخود هەر بەشێك لە بەشەكانی ژیانی تاك و كۆمەلگا.
وەكیتریش دەمەوێ باسلەوەشكەم كە بەبۆچوونی ئێمە لێدانی دووتاوەرەكە دەكرا بە لێدانی پەیكەری ئازادی بەلەجیاتیكرێ. ئەگەرچی لێدانەكە كە بەرهەمی ڕقێ گەورەبوو لە ئەمەریكا بەلام توانی ئەو جیاوازییە لەنێوان پەیكەری ئازادی و دووتاوەرەكەدا بكا. ئەمەش لەبەرئەوەی پەیكەری ئازادی درۆیكی ئەو وتارە میتافیزیكیەیە كە ئازادی لە ولاتای شمەكدا خۆی لەسەر بوونیادناوە. بەلام بۆ تیرۆریستەكان ئەوەی مەبەست بوو لێدانی هێما سێ كوچكەیكەبوو, پنتاگۆن, كۆشكی سپی و نێوەدی بازرگانی.

بەلام ئەوەی زۆرتر لە لێدانەكە پسیكۆلۆگیتر بوو ئەوەبوو كە دوای لێدانی دوو تاوەرەكە نەك زۆرینەی حكومەتەكانی ئەوروپا بگرە خەلكەكەشی ئامادەبوون ببن بە ئەمەریكی. چونكە بەئاسمانچوونی ئەو جەستانە سۆزێ ئەفسانەیی غەریبی لە ولاتانی ئەوروپا دروستكرد. ئەمە نەك كولتووری ئەمەریكی بێوێنەكرد بەلكو تەمەنی هەلگرتنەوەی ئەم كولتوورەشی تابلێی درێژتركردەوە. ئەم جۆرە هاوسۆزیە ئاساییە مادەمەكی ئەمەریكا مەلبەندی كولتووری نوێیە گەر كولتوور بریتیبێ لە زانینێ تەكنیكی بالا هەروەها ئەم هاوخەمی و هاوسۆزییەش دیسانەوە ئاساییە كاتێ پارە لە شوێنێكدا كۆدەبێتەوە كە نوێنەرایەتی ماف و دادپەروەری دەكا. پێشموابێ لەم ڕەوەوە بۆدریار زۆر بلیمەتانە تێگەیشتنی خۆیمان بۆ بەرجەستەدەكا كاتێ دەلێ: هەڕەشەی تیرۆریستەكان , بەقەولی بۆدریار , نەك هەر هەڕەشەێ قیعلییە بەلكو هێمایشە و لەناخی هەموانیشدا ئامادەیە. ئەو ترس و تۆقاندنەی كەوتنەخوارەوەی دوو تاوەرەكو تۆماریانكرد گشت باوەڕەێكیشی سەبارەت بە ئاسایشی ئەلەكترۆنی ڕۆژئاوا گۆڕی.
هەر سەبارەت بەم لایەنانە بۆدریار بەرەو ئەو سێركردنەشمان دەبا كە گومان لە واتای ئازادی و مافی مرۆڤ بكەین. بەخۆی ئەم لایەنە زۆر ڕاستە. چونكە واتای وەك ئازادی و مافی مرۆڤ , مرۆڤی تازەی كۆیلەی خۆی كردووە كە بەخۆی دەبایە بەپێچەوانەوە بایە. واتە لەبری ئەوەی ئەو واتایانە كۆیلەی مرۆڤ بن و بەپێی قسەی مرۆڤ ڕەفتاركەن و بگۆڕدرێن كەچی مرۆڤ زۆر بەئاسانی لەناكاو بووە بە ئامرازێ بەدەست ئەو واتایانە و ئەو دەزگا و نێوەندانەش كە ئەم واتایانە وەك گشت شمەكێ دی بەرهەمدێنن. هەر سەبارەت بەو واتایانە ئەوەش دەلێین كە نێوەندە ئەكادیمیەكان كارێ وایان كردووە كە ئەو واتایانە وەك واتاهایەكی سەرمەدی(هەمیشەیی) و پیرۆز(موقەدەس) ببینرێن و شایانی هیچ گۆڕان و پەرەسەندنێ نەبن. ئەمەش كارێ وایكردووە كە زانكۆكانی ڕۆژئاوا ئەو واتایانە(واتای وەك ئازادی تاكەكەس, مافی مرۆڤ, دیموكراسیەت, یەكسانی) بە هی خۆیانی بزانن وەك گشت شتێ تر خاك, ئاسمان . ئەم لایەنەش دەرئەنجامی زۆر خراپی لێدەكەوێتەوە كە كەمترینیان ڕاسیزم, ڕق لە كولتووری غەیرە ڕۆژئاواییە تادەگاتە تێگەیشتنی وەك ئێوە لە دیموكراسیەت ناگەن, ئێوە شتێكتان نییە پێیبووترێ ڕۆشنگەریی, یان تەنانەت تەكنەلۆیاش بەرهەمی ئەندێشەی ئێوە نییە.

پایزی2004 , ستۆكۆلم

azadhama@hotmail.com

***سەرچاوە و پەراوێزەكان:***

* ئەم سەروتارە بە چواربەش لە دووهەفتەنامەی"" ***ڕۆژهەلات***"" كە چەند ڕوناكبیرێكی كورد لە شاری سنە دەریدەكەن لەماوەی مانگی تەمووز و ئابی 2005 دا بلاوكراوەتەوە.

** *ئەم سەروتارە (**جەنگی پۆست مۆدێرن**) لە هەفتەنامەی ئاسۆ, كە لە شاری سلێمانی دەردەچێ,لە هاوینی 2004 تا پایزی هەمان سال بەشێكی بە 9 زنجیرە لێبلاوكراوەتەوە.*

** **ڕێكڤیم** واتە ئەو نوێژەی لە كلیسەی كاتۆلیكیدا بۆ مردووان دەكرێ یان مەراسیمی تەعزیە(شین ) بەپێی كلێسەی كاتۆلیكی.

(1) بۆ بەكاربردنی ئەم سەروتارەی بۆدریار سوودم لە كتێبی ""***ڕۆحی تیرۆریزم***"" وەرگرتووە كە سەروتاری ڕێكڤیم بۆ دوو تاوەرەكەشی تیابلاوكراوەتەوە. ئەم كتێبە لە وەرگێڕانی (چرایز تۆرنەر)ە. بڕوانە ئەم سەرچاوەیە:
Chris Turner, The spirit of terrorism and requiem for the Twin Towers, London, Verso, 2002.

بەلام بۆ سەرووتاری دووەم, واتە ***زەبرووزەنگی گلوبال***, لە نێتەوە ڕامکێشاوە کە ئەمەش ئەدرێسەکەیەتی:
www.ctheory.net/text_file?pick=385

ئەم دوو سەروتارە(***ڕێگڤیم بۆ دوو تاوەرەکە, زەبرووزەنگی گلوبال***) لەگەل سەروتارێ تر بەناوی "***هیلپۆتێز(گریمان) لەمەڕ تیرۆریزم***" ئەو کتێبە پێکدێنن کە ناوی "***پاوەر ئینفێرنۆ***" لەخۆدەگرێ.
دەمەوێ لەژێرسایەی ئەم پەراوێزەدا ئاماژە بۆ ئەوەش بکەم کە نووسخەی ئینگلیزی کتێبی ڕۆحی تیرۆریزم لە دوو سەروتار پێکدێ کە ئەمانەن, یەکەم: ڕۆحی تیرۆریزم و دووەم: ڕێگڤیم بۆ دوو تاوەرەکە کە هەروەك ئاماژەمان پێکرد چرایز تۆرنەر لە فەرەنسیەوە وەریگێڕاوە. بەلام بەخۆی سەروتاری ڕۆحی تیرۆریزم کە لە لایەن بۆدریارەوە لە 2 ی نۆڤەمبەری 2001 لە ڕۆژنامەی لۆمۆندی فەرەنسی بلاوکراوەتەوە لە 14 ی هەمان مانگ و سال لەلایەن دکتۆر ڕاشل بلۆلەوە وەرگێڕدراوە. بڕوانە ئەم ئەدرێسە بۆ وەرگێڕاوەکەی دکتۆر ڕاشل بلۆل:
http://cryptome.org/baud-terr-bh.htm

بڕوانە ئەم ئەدرێسەش بۆ بەدەستهێنانی سەروتارەکەی بۆدریار لە لۆمۆندی فەرەنسیەوە:

http://www.lemonde.fr/rech_art/0,5987,239354,00.html

(2) سەروتاری "***ڕێگڤیم بۆ دوو تاوەرەکە***" ***لە کتێبی*** "***ڕۆحی تیرۆریزم***" ەوە وەرگیراوە کە بەخۆی یەکێکە لە سێ سەروتارەکەی کتێبی "***پاوەر ئینفێرنۆ***". کەواتە ئەو لاپەڕانەی ئاماژەیان پێدەکرێ لەم سەرچاوەیەوە وەرگیراوە:
Chris Turner, The spirit of terrorism and requiem for the Twin Towers, London, Verso, 2002.
(3) بڕوانە ئەو لێدوانەی پۆل هێگارتی لە 17 ی ئەپریلی 2003 دا لەگەل بۆدریار لە مالەکەی خۆی لە پاریس ئەنجامیداوە و دواتریش لەکۆتای ئەو کتێبە دەروازەیەدا بەچاپگەیێندراوە کە سەبارەت بە بیری ئەم فەیلەسوفە نووسیویەتی. لەو لێدوانەدا کە پاش دوو سال لە نووسینی ئەو دوو کتێبە ئەنجامدراوە بۆدریار هەمان ئەندێشەی سیاسی و فەلسەفی خۆی دووبارەدەکاتەوە. لەم ڕووەوە بڕوانە ئەم سەرچاوەیە:

Paul Hegarty, Jean Baudrillard, Continuum London 2004,s.135.
(4) لەم ڕووەوە بڕوانە ئەم سەرچاوەیە کە ئەوەش کتێبی ئەمەریکا کەی بۆدریارە کە لەسالی 1986 نووسراوە و لە 1990 کراوە بە سویدی:
Jean Baudrillard, Amerika, Översättning: Johan Öberg Göteborg, Korpen,1991.

(5) سەروتاری ***زەبرووزەنگی گلوبال*** *کە فرانسوا دۆبری کردویوتی بە ئینگلیزی لە نێتەوە وەرگیراوە.*
والایخوارەوەش ئاماژە بە ژمارەی لاپەڕەکان دەکەین:
www.ctheory.net/text_file?pick=385

(1)بڕوانە لاپەڕەی یەك.
(2) بڕوانە هەمان لاپەڕە.
(3)بڕوانە لاپەڕەی دوو.
(4)بڕوانە هەمان لاپەڕە.
(5)بڕوانە هەمان لاپەڕە.
* لێرەدا مەبەست لە بیمارزائی ئەو شوێنەیە کە بیماری تیا دەزێ یان تیادەخولقێ.
(6)بڕوانە لاپەڕەی سێ.
(7)بڕوانە هەمان لاپەڕە.
(8)بڕوانە هەمان لاپەڕە.
(9)بڕوانە لاپەڕەی چوار.
(10)بڕوانە هەمان لاپەڕە.
(11)بڕوانە هەمان لاپەڕە.

(12)بڕوانە هەمان لاپەڕە.
(13)بڕوانە هەمان لاپەڕە.
(14)بڕوانە هەمان لاپەڕە.
(15)بڕوانە هەمان لاپەڕە.